# نامەیەکی کراوە بۆ کاک مەسعود

تەها ئەمین هەڵەدنی

پاش سلاو:

ئەگەر چی هەتا سەرئێسقان ئەتایستم.

ئەگەر چی جوانترین پەیکەر لام پەیکەرەکەی ئەرستۆ تالیسیە.

ئەگەر چی جوانترین وێنە لام وێنەی چارلس داروینە.

ئەگەر چی چاویلکەکەم لە عەمامەو دۆزەخ دەبینێ.

ئەگەر چی دیدی ماتماتیکم ئیسلامی و دۆزەخ بەیەک یەکسان دەکا.

ئەگەر چی بیرکردنەوەی عەلی حەسەن مەجید و عەلی باپیر بۆ من یەکە.

ئەگەر چی هەرچی دەکەم و ناکەم جیاوازی نابینم لە نێوان عەلی باپیر،خومەینی،سەدام سەعدی کوڕی وەقاس،مەلاکرێکار،مەلا بەشیر،خومەینی ،ئەتاگورگ.

ئەگەر چی ئیسلامیەکان وێنەکانی قورئان لە زێڕ دەگرن، من توانام هەبێ،وتەکانی مارکس.

ئەگەر چی جیاوازی لە نێوان قورئان و پەیڕەوی ناوخۆی حزبی بەعسدابەدی ناکەم.

ئەگەر چی ئیسلامەکان سوجدە بۆ کابە دەبەن، من بۆ پەنتاگۆن.

ئەگەر چی بە کەوتنی پەیکەرەکەی فەردۆسی، کۆستی ئیسلامەکان کەوت، ئەوکاتە من نوسیم دووڕکات ڕوو لە پەنتاگۆن.

ئەگەر چی15ساڵێک دەبێت کە سەرگەرمی ئایە کێویەکانی قوئارنم، بەڵام ڕستەیەکی بەکەڵکم نەدۆزیەوە کەلە خزمەت مرۆڤایەتیدا.

ئینجا ئەڵێم نفرەت لە دەسەڵاتی کوتەکتان.

لە سەرەتای 80کانەوە تازە نازیەکان سەریان هەڵداوەو بونەتە مەترسی بۆ گیانی خەڵکو شارستانیەت، بەڵام هێشتا ئەورووپیەکان هەوڵیان نەداوە،کە تازەنازیەکان نەک هەر دەستگیر بکەن، بەڵکوو ڕێگەشیان لێنەگیراوەو بەردەوامن لە چالاکیەکانیاندا.

ئۆلۆف پالمەی سەرەک وەزیرانی هەشتاکانی سوید ووتی: ئەگەر چالاکی تازە نازیەکان نایاسایی بکەین، ئەوسا زۆر ئەستەم دەبێت کە تازە نازیەکان بدۆزرێنەوە.

تکایە ئیسلام مەکەنە شەوەی سەر دڵی خەڵک.

دەسەڵاتدارانی تورک 9ی11ی2005نارنجۆکێکیان هاویشە کتێب فرۆشەیەکەوە، بەڵام فریا نەکەوتن،بیخەنە ئەستۆی پەکەکە، فاشستەکانی تورک بەو نیازە ئەوکارەیان کرد تا بەسەر پەکەکەیدا بهێنن.

بەعسیش هەمان ڕەوتاری دەکرد،هیوای گەلی کوردە کە لاسایی بەعس نەکەنەوە.

جا کاک مەسعود ئەگەر دەتەوێت، کوروستان نەبێتە ئەفگانستان.

ئەگەر دەتەوێت کوردوستان نەبێتە بەهەشتی ئیسلامەکان.

ئەگەر دەتانەوێ داینەسۆری ئیسلامی لە کورد نەئاڵۆزێنن.

ئەگەر دەتانەوێ کەرکوک بگەڕێتەوە باوەشی کوردوستان، جاوەڕێی جەعفەری مەکەن،خۆت و مام جەلال سەرو100 ملیۆن دۆلاری تەرخان کەن بۆ کەرکووک.
تکایە لێگەڕێ ئایە ژەنگاویەکان لە ڕەشوو و ڕووتی کورد مە ئالۆزێنن.
تکا دەکەم با جێگەی کە کووتەکەکەی سەدام تەنها لە زبڵدانی مێژوودا بدۆزرێتەوە.
تاکا دەکەم ڕێگە مەدەن کە خەڵک بڵێ سەدام هێشتا دەسەڵاتدارە.
هیوادارم لەو بەڵێنە ژێوان نەبنەوە، کە ئێوە خۆتان ووتتان کە کوردوستان دەکەینە نمونەی دیموکراتی خۆرهەلاتی ناوەڕاست.
کاک مەسعود قەشەک ڕۆژێک ووتی: نێربازی شیرپەنجەیە لە گیانی سویدیدا،بەلام لەسەر ئەو قسە درایە دادگاو سسزاش درا،بەلام پاش 2ساڵ بەرزترین دادگا بێبەری کرد.
ئایا گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ئەنفال کیماوی باران کەی دەبنە دەرس عیبرەت؟